

# هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە لە رۆژی جیهانیی ئەم بۆنەیەدا ساڵانە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنرێت، کە لە ١١/٢٥ دەست پێدەکات و لە ١٢/١٠ کۆتایی پێدێت. ئەمساڵ بە دروشمی «» جیهان بە پرتەقالی رەنگ بکە و #گوێ لە منیش بگرە»، کارەکانی دەستپێکرد، رێکخراوە پارێزەر و داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەت لەماوەی ئەو ١٦ رۆژەدا بە مەبەستی نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەت هەڵمەتێکی چڕ و پڕ ئەنجام دەدەن، گۆڤاری گوڵان رووماڵی ئەو چالاکییانە دەکات و راسپاردەکانی هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا فلۆرین گۆرگیس سێودین، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان هێما بۆ ئەوە دەکات، «دروشمی نێودەوڵەتیی ئەمساڵ لەم بۆنەیەدا بریتییە لە «جیهان بە پرتەقالی ڕەنگ بکە و هاشتاگی#/ «گوێ لە منیش بگرە، ئەمساڵ دەنگ و کرۆکیی چالاکییەکانە، لە کوردستانیش هەمان دروشممان داناوە و لەو ١٦ ڕۆژەدا هەوڵدەدەین چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەین و بە دەنگیی بەرز خواستەکانمان بخەینەڕوو.» هاوکات دەڵێت: «مەراسیمی ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی گەلێك تایبەتیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەڕێوەدەچێت. لە چوارساڵی ژیانێکی گەلێك بە ئازار و پڕ لە سەختیمان بینی، بەتایبەتی کە ژنان و منداڵان کەوتنە بەر گورزی کارەسات، بەڵام خۆشبەختانە ئەو نەهامەتییانە بەرەو کۆتایی دەچن و کەمێك لەو سەختییانە هێور بوونەتەوە، بەڵام درك بەوە دەکەین کە ئاسەواریان تا ماوەیەکی بەرچاو بەرۆکمان بەرنادات، بۆیە بەهیواوە کار دەکەین و دەڕوانینە سەرکەوتن بەسەر ئەو ئاسەوارانەو گرتنەبەری هەنگاوی گەورە بەرەو باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵگە و فەراهەمکردنی زەمینەی لەبار بۆ گەیشتنی ژنانی کوردستان بە تەواوی مافەکانیان و بە ژیانی ئارام و دوور لە هەڕەشەی توندوتیژی.»

گوتیشی: «ژنان هەمیشە لە سەختیەکاندا هاوبەش بوون، بەڵام ئازارەکانیان زۆرکات نەبینراو و نەبیستراون، بۆیە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی شەریکی هاوتا بن لە گشت پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، لە خێزانەوە تا باڵاترین پێگەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی و بکەونە دۆخێکەوە کەس نەتوانێ بەناوی شەرەف و عورف و مافی خێزان و بنەماڵەوە سووکایەتییان پێ بکات و ئازاریان بدات و بیانکوژێت. بەداخەوە تاوانەکانی دژی ژنان بە حوکمی کۆمەڵێك فاکتەر لە هەندێك ڕووەوە نەك کەمی نەکردووە، بەڵکو هەندێکجار شێوازی نوێی لەخۆ گرتووە .هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پێناو پتەوکردنی زەمینەی وەدیهێنانی یەکسانی جێندەری لە کوردستان و نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت، چەند بیروڕاو و پێشنیارێك دەخەینەڕوو:

- داواکارین لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە ڕوونی سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە باشترکردنی بارودۆخی ژنان و نەهێشتنی توندوتیژی و جیاکاری لە دژیان بخرێتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت پلانی ستراتیژیی کابینەی هەشت بۆ پەرەپێدانی دۆخی ئافرەتان لە ماوەی دە ساڵی ئایندەو ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان سەرچاوەی لەبار بن.
- یاساکانی باری کەسێتی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و یاساکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستان ئامرازی بەکارن بۆ ئەوەی کەس جورئەت نەکات توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئەنجام بدات ئەگەر بە توکمەیی و بێ دەستێوەردان جێبەجێ بکرێن.
- داواکارین ئەو لایەنە سیاسییانەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا بەشدار دەبن، ژنان وەك شەریکی ڕاستەقینە بۆ پۆستی وەزیر و پۆستە باڵاکانی دیکە کاندید بکەن، ئێمە دڵنیاین کە لەو حزبانەدا ئافرەتی ئەوتۆ هەن، لە ڕووی تواناو هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی حوکمڕانی، کەمتر نین لەو پیاوانەی کە کاندید دەکرێن. هەر لێرەشەوە داوا لەو زاتە دەکەین کە ڕادەسپێردرێت بە پێکهێنانی کابینەی نوێ، مەرجی بەشداریی کاراو فراوانی ژنان بخاتە پێش لایەنە بووەکان.

داوا لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دەکەین کە بایەخی جددی بدات بە دامەزراوەی تایبەت بە کاروباری ژنان لە ڕووی هەیکەل و دەسەڵات و بودجەوە، کە بەشێك لە ئەنجومەنی وەزیران بێت.

داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین، چاوپۆشی نەکەن لە هیچ کردارێك کە مۆرکی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتی پێوەیەو بە پەلە پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندیدار بکەن، بەتایبەتی کە ئێستا هێڵی گەرمی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ (٢٤) سەعات لە کاردایە و ژمارەکەی (١١٩)یە.

هیوادارم ڕاگەیاندن ئەرکی جددی و هەستیار و بەرپرسیارەتیی گەورەی خۆی بۆ گەیاندنی پەیامی ئارامی و مەدەنی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتی ژنان بگرێتەبەر، بۆیە داوایان لێدەکەم لە دارشتنی بەرنامەی ساڵی نوێدا ئەمە زیاتر ڕەچاو بکەن.»

گرنگترین چالاکییەکانی ئەمساڵی هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بریتین لە:

- کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە ٢٠١٨/١١/٢٥ و بە چاودێری و ئامادەبوونی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو.
- مەراسیمی کردنەوەی پەیکەری ئاشتی و ئازادیی خانمان لە هەولێر لە ٢٠١٨/١٢/٤ .
- کۆنفرانسی پێشبرکێی سیاسەتی کەرتی تایبەت بۆ کارکردنی ئافرەتان (Family FriendlyPolicy) لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و بانکی نێودەوڵەتی لە هەولێر ٢٠١٨/١٢/١٩ .

**حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین هەنگاوی کردەیی بە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەو ڕێگریکردن لە دیاردەی توندوتیژی ناوەو خودی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرپەرشتی ئەم دۆسیەیە دەکات و پشتیوانێکی بەهێزی پرسی ئافرەتە بە شێوەیەکی گشتی**

**لە چوارساڵی ڕابردوو ژیانێکی گەلێک بە ئازار و پڕ لە سەختیمان بینی، بەتایبەتی کە ژنان و منداڵان کەوتنە بەر گورزی کارەسات، بەڵام خۆشبەختانە ئەو نەهامەتییانە بەرەو کۆتایی دەچێت**

**تاوانەکانی دژی ژنان بە حوکمی کۆمەڵێک فاکتەر لە هەندێک ڕووەوە نەک کەمی نەکردووە، بەڵکو هەندێکجار شێوازی نوێی لەخۆ گرتووە**

**یاساکانی باری کەسێتی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و یاساکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستان ئامرازی بەکارن بۆ ئەوەی کەس جورئەت نەکات توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئەنجام بدات ئەگەر بە توکمەیی و بێ دەستێوەردان جێبەجی بکرێن**

**داواکارین ئەو لایەنە سیاسییانەی لە کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمدا بەشدار دەبن، ژنان وەک شەریکی راستەقینە بۆ پۆستی وەزیر و پۆستە باڵاکانی دیکە کاندید بکەن**

**داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین، چاوپۆشی نەکەن لە هیچ کردارێک کە مۆرکی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتی پێوەیەو بە پەلە پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندیدار بکەن**

- راهینانی ئەندامانی یەکەکانی یەکسانی جێندەری لە ٩ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٧-٢٠١٨/١٢/١٨ .
- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو چالاکییەکانی کۆمبی پلانی هەرێمی کوردستان دەربارەی زوو بەشودانی منداڵ بە درێژایی رۆژەکانی هەڵمەت.
- گفتوگۆی کراوە بۆ سەرکردایەتیی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و کونسوڵگەرییەکانی وڵاتە بیانییەکان بۆ کاراکردنی رۆڵی ژنان لە بونیادنانی ئاشتی و ئاسایش، لە هەولێر ٢٠١٨/١٢/٣.
- کەمپینی رەنگ و رووناکیی پرتەقاڵی لە سەر ئاستی پارێزگاکان (هەولێر – دهۆك – سلێمانی – هەڵەبجە – ئیدارەی گەرمیان – ئیدارەی راپەرین - زاخۆ – سۆران)٢٠١٨/١١/٢٥– ٢٠١٨/١٢/١٠ .
- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە رێگەی پۆستەر – برووشور – کورتە فلیم – سپۆت ٢٠١٨/١١/١٥– ٢٠١٨/١٢/١٥ .

د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەو بۆنەیەوە پەیامی خۆی هەیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «توندوتیژی دژی ئافرەت وەك دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی لە سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ئاستی جیاواز و لە چەندین فۆرمدا پیادە دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە جیهان لە ئێستادا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو داهێنانە زانستییەکان بانگەشەی خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام هێشتا ئافرەت دوچاری توندوتیژی و زەبرو زەنگ دەبێتەوە، کوردستانیش لە بازنەی ئەو کۆمەڵگەیانەدایە کە توندوتیژی دژی ئافرەت تێیدا پیادە دەکرێ و لە هەمان کات رێگاکانی بەرەنگاربوونەوەشی هاوتەریب لە کاردان بۆ کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی. لە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانی، بە هۆی پێشکەوتنە زانستییەکان بەتایبەت لە بواری تەکنەلۆژیای گواستنەوە و کاری رێکخراوەکانی ئافرەتان، توندوتیژی دژی ئافرەت چیدیکە کێشەیەکی تایبەتیی فەزای خێزان نییە، بەڵکو پرسێکی گشتیی کۆمەڵگە و رای گشتییە و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم لە کاردان بۆ تۆمارکردنی رووداوەکانی توندوتیژی و بەهاناوەچوونی قوربانییان و گرتنەبەری رێکاری یاسایی دژ بە ئەنجامدەرانی، ئەمەش دوای ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین هەنگاوی کردەیی بە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەو رێگریکردن لە دیاردەی توندوتیژیی ناوەو خودی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرپەرشتی ئەم دۆسیەیە دەکات و پشتیوانێکی بەهێزی پرسی ئافرەتە بە شێوەیەکی گشتی.» گوتیشی: «ئێمە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، وەك رێکخراوێکی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەت، بەردەوامیی توندوتیژی دژی ئافرەت، سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، دەگەڕێنینەوە بۆ چەندین فاکتەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، کە رەگی چۆتە نێو قووڵایی هزر و روانینی کۆمەڵگە و تێکەڵکێشێکە لە کولتوور و بیروڕاو ئایدیۆلۆژیای گەلانی ئەم ناوچەیە کە یارمەتیدەرە بۆ مانەوەی هزری پیاوسالاری و ئاستەنگ خستنە بەردەم هەر پێشکەوتنێك کە دژ بە بنەماکانی ئەو هزرەیە، ئەم هزرەش دەیەوێت ئافرەت لەناو جیهانبینی ئەودا بێت و سەربەخۆیی و کەسایەتیی خۆی لە دەست بدات و دوور بێت لە رۆشنفکری و ئازادی، کە ئەمەش لە ئێستادا لەلایەن ئافرەتی کوردەوە پەسەندکراو نییە، ئافرەتی کورد دەمێکە ئەو قۆناغەی تێپەڕاندوەو چیدیکە لە ئاست توندوتیژیەکان بێدەنگ و ڕازی نابێ. هەر بۆیە هەوڵ و تێکۆشانی رێکخراوەکەمان بۆ پشتیوانی و مکوڕبوونی خواست و داواکارییەکانی ئافرەتانی کوردستانە. هاوکات میکانیزم بۆ کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت، جیاوازە بە جیاوازیی قۆناغ و چۆنیەتی دیاردەکە لە هەر کۆمەڵگەیەك، کە خودی روانگەو خواستەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەك چۆن بزووتنەوەی فیمینیزمی جیهانی چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە، ئێمەش وەك پێشەنگی بزووتنەوەی فیمینیزمی ئافرەتان لە کوردستان، مامەڵەیەکی خۆماڵی پشتیوان بە وەرگرتنی زانیاری و هۆشیاری سەبارەت بە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو پابەند بە میتۆدە زانستییەکان لەگەڵ دیاردەکە و کەیسەکانی توندوتیژی دەکەین، کە روو لە رێکخراوەکەمان دەکەن، هاوکات بەردەوامین لە هەوڵە گشتگیرەکانمان لە رێگای بەش و ئۆرگانەکانی رێکخراوەکەمان و هەموو ئامرازە بەرکارەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە ترسناکیی ئەم دیاردەیەو ئاکامەکانی لەسەر ئافرەت و رەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگە، هاوکات کار دەکەین بۆ برەوپێدانی کولتووری ناتوندوتیژی و ئاشتەوایی بە پەیڕەوکردن لە چەمکەکانی خۆشەویستی و لێبوردەیی لە پێناو خێزانێکی ساخڵەم و هاوسەنگ لە ئەرك و ماف، تژی بە ئەڤین و رێز، کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو. لەمرۆژەدا مۆمێکی رووناکی هەڵدەکەین بۆ رەوانی بێگەردی گوڵە نێرگزەکانی ڕێڕەوی ئازادی، هەریەکە لەو ئافرەتانەی کە لە ئەمساڵدا بوون بە قوربانیی رووداوەکانی توندوتیژی بەربنەمای رەگەز، درووود بۆ گیانی شەهیدانی رێگای یەکسانی و بزووتنەوەی ئافرەتان».

د. ڤیان سلێمان ئەوەشی خستەڕوو کە بە دروشمی (خۆشەویستی و لێبوردەیی هەوێنی ئارامیی خێزانە) یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بە چەندین کار و چالاکی بەشداری هەڵمەتی نیشتمانیی (١٦) ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەکات، کە بەمجۆرەن:

ئامادەکردنی پەیامێکی دەنگ و ڕەنگ تایبەت بە هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بڵاودەکرێتەوە.

* نووسین و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی یەکێتیەکەمان بۆ گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی و لێبوردەیی لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا، هاوکات هەوڵی تەواو بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی بدرێت.

* ئامادەکردن و دەرچوونی ژمارەیەکی نوێ لە گۆڤاری شیکار کە چەندین توێژینەوە و خوێندنەوەی نوێی لەخۆگرتووە تایبەت بە توندوتیژی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی لەخێزان و کۆمەڵگەدا.

* بڵاوکردنەوەی چەند هاشتاگێك بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و یەکسانی و لێبوردەیی لەناو کۆمەڵگەو خێزاندا.

* ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە توندوتیژی لە ڕادیۆی هێلین.

* دروستکردنی پۆستەری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە دروشمی: «خۆشەویستی و لێبوردەیی هەوێنی ئارامیی خێزانە».

ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بابەتی تایبەت بە توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی لەوێب سایتی afretan.org

لەسەر ئاستی ئەنجومەن و ناوەندەکانمان چەند چالاکییەك لەم شوێنانە بەڕێوە دەچن:

پارێزگای هەولێر، قەزای خەبات، قەزای دەشتی هەولێر، ناحیەی دارەتوو، قەزای مێرگەسوور، قەزای ڕواندز، پارێزگای سلێمانی، قەزای شارباژێر، پارێزگای هەڵەبجە، پارێزگای دهۆك، نەینەوا دومیز، بعشیقە، قەرەقوش، تلسکوف. هەروەها لەدەڤەری شنگال ١٠ سیمینار بەڕێوە دەچێت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت و منداڵ و بەشوودانی منداڵ و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵ و ئافرەتان و هەموو ئەو ناخۆشییانەی لەم دواییانە کە بەسەر ئافرەتانی شنگالدا هات.

موقەدەمی مافپەروەر فەرمان محەمەد مەولوود، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان هەولێر، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان سەبارەت بە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بە چاودێریی بەڕێز سەرۆکی حکومەت هەموو ساڵێك لە ٢٥ی نۆڤەمبەر هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ ئافرەتان بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ ڕادەگەیەندرێت، مەبەستیش لەو هەڵمەتە هوشیارکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە هەروەها سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەیە لە سنووری پارێزگاکانی هەرێم و سازدانی بەرنامەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و پەروەردە و قوتابخانە و زانکۆکانیش دەگرێتەوە.» هەر لەو بارەیەوە گوتی: «هاوکات لەگەڵ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، هەڵمەتی ناساندنی هێڵی گەرمی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی بەڕێوە دەچێت، کە ژمارەکەی (١١٩یە)».

وەك باسی کرد پلانی داهاتوویان بۆ ساڵی نوێ دوای کۆکردنەوەی ئامار و داتاکان و سکاڵاکان دەست پێ دەکات، گوتیشی: «کۆمەڵێك پێشنیارمان دەبێت، یەك لەوانە کە زۆر گرینگە، ئەوەیە کە پێویستە لە قوتابخانەکان وانەیەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بۆ دوورکەوتنەوەی تاك لە توندوتیژی و هەروەها ناساندنی ماف و ئەرکی تاك و هاندانیان بۆ پابەندبوون بە ڕێنمایی و یاساکان دابنرێت، هەروەها یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بێ کەموکوڕی نییە و ساڵانە داوادەکەین پێداچوونەی بۆ بکرێت، هەتا بە جۆرێکی شایستەتر هەموار بکرێتەوە. ئەوەش وەکو پڕۆژەیاسا ئامادە کراوە و ئێستا لە پەرلەمانە و هیواداریـن لە خولی نوێ کاری بەپەلەی لەسەر بکەن».

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان هەولێر، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا گوتی: «ئامارەکانی توندوتیژیی خێزانی هەڵکشان و داکشانی هەیە، بەڵام ئەوەی کە مایەی دڵخۆشییە زیادبوونی هۆشیاریی کۆمەڵگەیە بەرامبەر بە توندوتیژیی خێزانی و چۆنیەتی بەرنگاربوونەوەی.» گوتیشی: «ڕێژەی تۆمارکردنی سکاڵاکان زۆر بووە، واتە متمانەی هاووڵاتی بە دامودەزگای حکوومی و پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرز بووەتەوە، ئەوەش ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك هەوڵی کەمتر کردنەوەی توندوتیژیی خێزانی بدەین. بێگومان ئەو دیاردەیە پێویستی بە دراسەکردن و توێژینەوەی ورد هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی تاوانە گەورەکان وەك (کوشتن، سووتاندن، دەستدرێژییە سێکسییەکان بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمی کردووە. ئێستاش هاووڵاتیان لە ڕێگەی نووسینگەکان و بەڕێوەبەرییەکان و هێڵی گەرمەوە دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن».

**ئێستا هێڵی گەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ (٢٤) سەعات لە کاردایە و ژمارەکەی (١١٩)یە**

**توندوتیژی دژی ئافرەت چیدیکە کێشەیەکی تایبەتیی فەزای خێزان نییە، بەڵکو پرسێکی گشتیی کۆمەڵگە و رای گشتییە و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم لە کاردان بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی توندوتیژی و بەهاناوەچوونی قوربانییان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دژ بە ئەنجامدەرانی**

**کار دەکەین بۆ برەوپێدانی کولتووری ناتوندوتیژی و ئاشتەوایی بە پەیڕەوکردن لە چەمکەکانی خۆشەویستی و لێبوردەیی لە پێناو خێزانێکی ساخلەم و هاوسەنگ لە ئەرک و ماف، تژی بە ئەڤین و ڕێز**

# قوتابیانی زانكۆ
# بەدەست گرفتی بەشە
# ناوخۆییەكانەوە دەناڵێنن



**زۆربەی قوتابیانی کوردستان، لە قۆناخی زانکۆدا ژیانی بەشە ناوخۆییەکانیان بینیوە و زۆر جاریش رووبەڕووی کێشە و گرفتی گەورە بوونەتەوە، بەتایبەتی کە لە وەرزی سەرمادا کێشەی کەمیی کارەبا و نەبوونی ئاوی گەرم و گەرمکەرەوە تەنگیان پێ هەڵدەچنێت. لە چەند رۆژی رابردوو بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکان و بوونی چەندین سەگ لە ناو بینایەی بەشە ناوخۆییەکانی عەلی کەمال لە زانکۆی سلێمانی، کوڕان و کچانی قوتابیی زانکۆ خۆپشاندانیان ئەنجامدا و دواتریش بەرپرسی بەشە ناوخۆییەکان هێرشی کردە سەر قوتابیان و ئەمەش نارەزایی لێکەوتەوە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەوبارەیەوە راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



«قوتابیی زانکۆ کە ناچار دەبێت ماڵی باوکی بەجێ بهێڵێت و لە پێناوی درێژەدان بە خوێندنەکەی روو لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ بکات، دەبێت حیسابێکی بۆ بکرێت، ئێمە داوای چیمان کردووە؟ تەنیا داوای کارەبا و ئاوی گەرممان کرد، هەر وەڵامیان نەبوو، ناچار خۆپیشاندانمان کرد، بەوەش لە بری ئەوەی بە هانامانەوە بێن، هەڕەشەی سەگ تێبەردانمان لێ کرا.» ئەوە قسەی ئەو قوتابییە بوو کە خۆی بە ئالان ناساند. گوتیشی: «سووکایەتیکردن بە هەر کەسێك لە ناوندەیێکی ئەکادیمیدا، بەتایبەتی لە زانکۆکان کە دەڵێن بونیادنەری دوارۆژی کۆمەڵگەیە، کارەساتە و دەبێت بەپەلە رێگری لێ بکرێت».

نووسەر و مامۆستای زانکۆ سالار تاوەگۆزی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە کێشەی قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکان لەپاڵ کێشەی کارەبادا یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکانی ئەم وڵاتە، بەبیرم دێ لە ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١ کە لە زانکۆ وەرگیرام، بەشە ناوخۆییم لە هەولێر دەست نەکەوت، ئەگەریش دەستم بکەوتایە، زۆر بێ خزمەتگوزاری بوو، بە هەمان شێوە لە سلێمانیش کێشەی بەشە ناوخۆیی لەو ساڵەی من لە کۆلێژ وەرگیرام زۆر بوو. دەمەوێت ئەوە بڵێم، من کە چەند مانگێکی دیکە دکتۆرا تەواو دەکەم، لەساڵی وەرگرتنمەوە لە زانکۆ تا ئێستا کە مامۆستای زانکۆم، هیچ ساڵێك نەبووە گوێم لەباسی کێشەی بەشە ناوخۆییەکان نەبووبێ و هەمیشەش زانکۆکان بیانووی چەندبارەیان بۆ ئەو کێشانە هێناوەتەوە».

ئەو مامۆستایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زانکۆکان لە وڵاتاندا خۆیان بەشێکن لە چارەسەری کێشەکان لە سەرجەم بوارەکاندا. ئەویش لە رێگەی توێژینەوەی زانستی و بەدواداچوونەوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا زانکۆکان کێشەیەکی بچووکی وەك بەشە ناوخۆییەکانیان پێ چارەسەر ناکرێت.» هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئەمە مانای ئەوەیە ئیدارەیەکی خراپیان هەیە و بێ پلانن. زانکۆکانی ئێمە بەر لە دەستپێکردنی دەوام، بیر لە ئامادەکردنی شوێنی نیشتەجێکردنی قوتابیان ناکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی کێشەی ئەمساڵ هەڵدەگرن بۆ ساڵی دواتر، یان تا فشاری قوتابیانیان نەخرێتە سەر، بیر لە چارەکردنی کێشەی بەشە ناوخۆییەکان ناکەنەوە، کاتێکیش کە قوتابیان داوای مافی خۆیان دەکەن، جاری وا هەیە بە شێوازێکی ناشیرین وەڵامیان دەدەنەوە. دروستکردنی دۆخی ئەمنی لە سەر

قوتابییەکی زانکۆ:
**خۆپیشاندانمان کرد، لە بری ئەوەی بە هانامانەوە بێن، هەڕەشەی سەگ تێبەردانمان لێ کرا**

مامۆستایەکی زانکۆ:
**زانکۆکان لە وڵاتاندا بەشێکن لە چارەسەری کێشەکان بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کێشەیەکی بچووکی وەک بەشە ناوخۆییەکانیان پێ چارەسەر ناکرێت**

سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان:
**بە توندی ئیدانەی بەرپەرچدانەوە و کاردانەوەی نەشیاو و دوور لە هەموو بەها و ڕەوشتە پیشەیی و پەروەردەییەکانی یەکە کارگێڕییەکان بەرامبەر بە قوتابیان دەکەین**

هەندێك باڵاخانەی بەشە ناوخۆییەکان و تێبەردانی سەگ لە قوتابی وەك دوایین عاجبایەتی ئەمنی لە قۆناغی دوای بانگەشەی ئارامی لە پایتەختی رۆشنبیریدا جێی سەرسوڕمانە.» گوتیشی: «ئەمەی روو دەدات لە بەشە ناوخۆییەکان، پەیوەندی بە مەسەلەی قەیرانەوە نییە و تەنیا هەستنەکردنە بە بەرپرسیاریەتی لە ئیدارەی زانکۆکان بەرامبەر بە قوتابی و جۆری گوزەرانی».

نێچیرڤان حوسێن سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات، کە ئەوان لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان خۆیان بە «داکۆکیکاری سەرسەختی ماف و داخوازییەکانی گشت قوتابیانی کوردستان» دەزانن، هاوکات داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی دەکات، بە زووترین کات کێشە و ئاریشەکانی قوتابیانی بەشە ناوخۆیی کچانی زانکۆی سلێمانی چارەسەر بکەن.» گوتیشی: «سەرجەم قوتابیانی کوردستان مافی خۆیانە هەموو پێداویستییەکانی خوێندن و ژیانێکی شایستەیان بۆ فەراهەم بکرێت، ئێمەش لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان پشتگیری گشت قوتابیان دەکەین بۆ داواکردنی مافەکانیان و دەربڕینی نارەزایی بە شێوەی مەدەنییانە، لەگەڵ ئەوەشدا بە توندی ئیدانەی بەرپەرچدانەوە و کاردانەوەی نەشیاو و دوور لە هەموو بەها و ڕەوشتە پیشەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی یەکە کارگێڕییەکان بەرامبەر بە قوتابیان دەکەین. ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان روونی دەکەینەوە، کە قوتابیانمان لە زانکۆی سلێمانی لە ترسی رەخنەگرتن، شێوە و دەنگ و ناسنامەی خۆیان شاردووەتەوە، نەوەك لە داهاتوودا سەرووی خۆیان ژێر بە ژێر و یەك بە یەك لێپێچینەوە لەگەڵ قوتابییە نارازییەکان بکات. لە کۆتاییشدا رایدەگەیەنین، گیان و ئازادی و سەلامەتی و پاراستنی قوتابیان لە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکاندایە و پێویستە حەرەمی زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکان لە هەر هەڕەشە و مەترسییەك پارێزراو بن».

سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پارێزگای سلێمانی دەکات، بەپێویستیش دەزانێت «بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانی قوتابیانی بەشە ناوخۆیی کچانی سلێمانی بکەن و لێپێچینەوەی کارگێڕی و یاسایی بەرامبەر لایەنی پەیوەندیداری زانکۆی سلێمانی بگیرێتە بەر».

رۆژنامەنووس هۆشمەند چەکوانی، یەکێکە لەو سەدان هاووڵاتییەی کە بەرامبەر بە دۆخی بەشەناخۆییەکان نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «گرفتی قوتابیان لە بەشە ناوخۆییەکان، بەشێکە لە کۆی گرفتەکانی دیکە. کە بە هۆی زۆریی گەندەڵییەوە ساڵانە نوێ دەبنەوە. ئایا کەسێك هەیە وەڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە، کە سەرۆکایەتیی زانکۆکان و بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە پشووی هاویناندا لە کوێن و بۆچی گرفتەکانی وەکو (سۆپا، موبەڕیدە، مافور و موکێت، کارەبا و ئاو، چاککردنەوەی بۆڕی و شووشەی شکاوی پەنجەرەکان و دەیان گرفتی دیکە) چاك ناکەن؟ بۆچی دەبێ لە دووەم مانگی خوێندنی هەر ساڵێکی تازەدا بیریان بێتەوە کە پێداویستییەکان بۆ قوتابیان دابین بکەن؟ چ دەبێت ئەگەر لە هاویناندا و مانگێك بەر لەوەی دەوامی زانکۆ و پەیمانگەکان دەست پێ بکاتەوە، ئەوان کارەکانی خۆیان بکەن؟ بابەتەکە تەوا پەیوەستە بە کەمتەرخەمی و نەبوونی لێپرسینەوە. چونکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیان لە بەشە ناوخۆییەکان، ساڵانە پارە و بودجەیەکی تایبەت دیاریکراوە. کە واتا بۆچی لەکاتی خۆیدا چارەسەری گرفتەکان ناکەن؟ بۆچی دەبێ هەموو ساڵێ ئەو گرفتانە چەندبارە ببنەوە؟ رەنگە لە راستییەوە نزیك بم، ئەگەر بڵێم، کچ و کوڕی بەرپرسی هیچ زانکۆیەك لە بەشی ناوخۆیی نییە، بۆیە بە پێویستی نازان بۆ قوتابییە رەش و رووتەکان خەمی جددی بخۆن».

رۆژ حەیدەر رەشید، بەرپرسی لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی سلێمانیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ماوەی چەند رۆژێکە قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی خۆپیشاندان دەکەن و گوتی: «قوتابیان لە بەر کەمیی خزمەتگوزارییەکان لە دۆخێکی خراپدا دەژین. بە هۆی نەبوونی ئاوی گەرم و گەرمکەرەوەکان، قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکانی کوڕان خۆپیشاندانیان کرد، کەس گوێی لێ نەگرتن، دوای ئەوە قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکانی کچانیش خۆپیشاندانیان کرد، سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی کەسێکیان دانابوو وەك بەرپرسی بەشە ناوخۆییەکان کە بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین مامەڵەی لەگەڵ قوتابیانی کچاندا کرد، قوتابیان هاتبوون داوای مافەکانی خۆیان بکەن،



بۆ ئـەوەی لانیکـەم خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکانیان بـۆ دابیـن بکرێـت، لـە کاتـی خۆپیشـاندانەکانیش هەندێکیـان دەموچـاوی خۆیـان داپۆشـیبوو، لـە بـەر ئـەوەی نەناسـرێنەوە و دواتـر لێپێچینەوەیـان لەگـەڵ نەکـەن، بـەڵام بەرپرسـی بەشـە ناوخۆییـەکان بـە شـێوەیەکی زۆر نائینسـانی مامەڵـەی لەگـەڵ کـردن و تەنانـەت هەڕەشـەی ئـەوەی کردبـوو، کـە سـەگیان تـێ بـەردەدات، ئـەوەش کارێکـی زۆر نائەخلاقییـە و بـە هیـچ شـێوەیەك لەگـەڵ زانکـۆ و ناوەندێکـی ئەکادیمـی ناگونجێـت و نابێـت بـەو شـێوازە مامەڵـە لەگـەڵ قوتابیانـدا بکرێـت.» هـۆکاری ئەوەشـی گەڕانـدەوە بـۆ «سـەرۆکایەتیی زانکـۆ» و گوتـی: «پێویسـت بـوو پێشـووتر سـەرۆکایەتیی زانکـۆ ئـەو کێشـانەی چارەسـەر بکردایـە و قوتابیانـی بەشـە ناوخۆییەکانـی لـە خزمەتگوزارییـەکان بێبـەش نەکردایـە.» گوتیشـی: «ئێمـە وەکـو یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان سـەرکۆنەی ئـەو کارانـە دەکەیـن و بەیاننامـەی فەرمیـی خۆمـان بـۆ وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و سـەرۆکایەتیی زانکـۆی سـلێمانی بـەرز کردووەتـەوە، کـە بـە زووتریـن کات بچـن بـەدەم ئـەو کێشـانەوە، چونکـە مافـی خۆیانـە ئـەو قوتابیانـەی کـە لـە بەشـە ناوخۆییەکانـدا دەمێننـەوە، هەمـوو خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکانیان بـۆ دابیـن بکرێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانـن لـە پرۆسـەی خوێندنـی خۆیـان بـەردەوام بـن. هەمیشـەش داوامـان کـردووە، هـەر کەسـێك لـە هـەر یەکەیەکـی کارگێـڕی نـاو زانکـۆ دادەنرێـت، دەبێـت کەسـایەتییەکی بەرپـرس بێـت و خـۆی بـە خزمەتـکار بزانێـت و خزمەتـی قوتابیـان بـکات».

هـەر سـەبارەت بـەو کێشـە و گرفتانـە، ئـاراس فەریـق زەینـەڵ یاریـدەدەری سـەرۆکی زانکـۆی سـلێمانی لـە کۆنگرەیەکـی رۆژنامەییـدا رایگەیانـد: «سەرپەرشـتیارێکی نـوێ بـە شـێوەیەکی کاتـی بـۆ سەرپەرشـتیکردنی بەشـە ناوخۆییـەکان دانـراوە تـا ئـەو کاتـەی لێکۆڵینـەوە لـە بەرپرسـی پێشـووی بەشـە ناوخۆییـەکان تـەواو دەبێـت.» گوتیشـی: «هـەر خوێندکارێـك بەڵگـەی لەسـەر سـووکایەتی پـێ کردنـی لەلایـەن سەرپەرشـتیاری پێشـووی بەشـە ناوخۆییـەکان هەیـە، بیداتـە نوێنـەری خوێنـدکاران و بـۆ ئـەوەی سـکاڵای لەسـەر تۆمـار بکرێـت.» ئەوەشـی خسـتەڕوو، «بەهـۆی گرفتـی تەنـدەرەوە لەلایـەن وەزارەتـی داراییـەوە نەتوانـراوە کار لەسـەر تـەواوی داواکارییەکانـی خوێنـدکاران بکـەن کـە خـۆی لـە گرفتـی پاککـەرەوە و چاککـەرەوەی ئامێـری بەشـە ناوخۆییـەکان دەبینێتـەوە.» داواشـی لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـرد، «بـڕە بودجەیەکـی تایبـەت بـۆ پاککـەرەوە و چاککـەرەوە خـەرج بکـەن، یـان وەزارەتـی دارایـی خـۆی گرێبەسـتێك بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ لەگـەڵ کۆمپانیایەکانـدا بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئەنجـام بـدات».

رۆژنامەنووسێك:

**کچ و کوڕی بەرپرسی هیچ زانکۆیەک لە بەشی ناوخۆیی نییە، بۆیە بە پێویستی نازانن خەمی جددی لە قوتابییە رەش و رووتەکان بخۆن**

بەرپرسی لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی سلێمانیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

**هەر کەسێک لە هەر یەکەیەکی کارگێڕی ناو زانکۆ دادەنرێت، دەبێت کەسایەتییەکی بەرپرس بێت و خۆی بە خزمەتکار بزانێت و خزمەتی قوتابیان بکات**

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی:

**هەر خوێندکارێک بەڵگەی لەسەر سووکایەتی پێ کردنی لەلایەن سەرپەرشتیاری پێشووی بەشە ناوخۆییەکانەوە هەیە، بیداتە نوێنەری خوێندکاران و بۆ ئەوەی سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت**